## ئایا یەكێتیی نیشتیمانیی كوردستان بەرگەی دابەشبوونێكی دیكە دەگرێ؟ ... سەردارعەزیز

sardarazizo@yahoo. com

بە هەڵەدا ناچین، ئەگەر بڵێین لە مێژووی سیاسیی كوردستاندا هیچ پارت و ڕێكخراوێك ئەوەندەی یەكێتی ململانێی لە هەناوی خۆیدا هەڵنەگرتووە. ئەو ململانێ و جیاوازییانەش بەپێی قۆناغ و باردۆخە سیاسییەكانی كوردستان و وڵاتانی دەوروبەر و دنیا خۆیان دەرخستووە. زۆربەی جاریش كەمایەتی بووە بە قوربانی یەكلایكردنەوەكان. نەبوونی ئەتمۆسفێرێكی دیموكراتیانە هۆیەكی كاریگەر بووە لەوەی هەر لایەنێكی بچووك هەر كاتێ ویستبێتی جیاوازییەكانی خۆی دەربخات، هەوڵی لەناوبردنی دراوە. دوا جار ئەو لایەنە ناچاری ئەوە كراوە بە هێزێكی كەمتر و تێكشانێكی گەورەوە بۆ ناو سەنتەر بگەڕێتەوە. لەو پرۆسێسەدا زۆر بەئاسانی یاخییەكان بۆ ملكەچترین كارەكتەری سیاسی گۆڕاون. مەلا بەختیار زیندووترین نموونەی ئەو قوربانییانەیە، كە پاش گەڕانەوەی، خۆی لە دەربڕینی هەر نارەزاییەك بەدوور دەگرێ، كە نیازی وایە لە دەستەڵاتی ئەو سەنتەرە كەم بكاتەوە. ئەمڕۆ ئەو سەنتەرە قەڵایەكی پۆڵاینە بەرامبەر بە دوژمنە تەقلیدییەكەی یەكێتی، كە پارتی دیموكراتیی كوردستانە. هەر ئەو دوژمنەشە ئەو دابەشبوونەی دواخستووە. ئەگەر بەراوردێكی پارتی وەكو دوژمنی ئەمڕۆی یەكێتی و بەعسی دوژمنی سەردەمی شاخ بكەین، دەبینین بۆ یەكێتی پارتیی ئەمڕۆ لە بەعسی دوێنێ ترسناكترە، ئەویش لەبەر باروودۆخیی سیاسی و ئیكۆنۆمیی كوردستان. لە دوای ڕاپەرینەوە دەستەڵاتی حیزبەكان لە شێوازی كۆچەرییەوە بۆ شێوازی نیشتەجێیی گۆڕاوە. چیتر ئەو هوتافانە گرنگ نیین، كە حیزبێك بەرزیان دەكاتەوە، وەكو ئەوەی لە ڕۆژگاری شاخدا باو بوو. ئەمڕۆ حیزب بە ژمارەی ئەو گوللانە ناناسرێتەوە، كە پێشان لە بەرامبەر دەستەڵاتدا دەیتەقاند، بەڵكو ئەوەی بوون و قورسایی هەر لایەنێك دیاریی دەكات، ئەو دامودەزگایانەن، كە ئەو لایەنە دەستی بەسەردا گرتووە. لێرەشدا ئەو هێزەی بە پلەی یەكەم بۆ ئەو شەڕە دەخرێتە كار هێزی ئیكۆنۆمییە. هەر ئەوەش بوو لەسەرەتاوە نەیهێشت پرۆسەی دیموكراتی سەر بگرێ. سەیر نیە ئەگەر دەبینین هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە هەموو پارت و ڕێكخراوە بچووكەكان تواونەوە. وەكو لەسەرەوە دەستنیشانمان كرد ئەمەش كۆمەڵێك كارەكتەری هەلپەرستی لەناو دەزگای ئەو دوو حیزبە گەورەیەی باشووردا دروست كرد. سەیر نیە ئەگەر دەبینین ئەوانە ئەمڕۆ بە گیانێكی زۆر شەڕانگێزییەوە لە دژی نەیاران دەجەنگن. ئەوانە كە لە ئەنجامی نەبوونی دیموكراسی نەیانتوانی درێژە بە باوەڕی خۆیان بدەن و ناچار خۆیان بە دەستەوە دا، ئەمڕۆ لەناو ئەو دوو حیزبە گەورەیەدا بەوە دەناسرێنەوە، كە تا سەر ئێسقان دژی ئازادیی بیروڕان.

بەڵام پارتی حیزبێكە دابەش نابێ. پێكهاتەی پارتی و پێكهاتەی یەكێتی جیاوازن. پارتی حیزبی لادێیە و یەكێتی حیزبی شار. پەیوەندییەكان لە لادێدا زۆر سادەن، بەپێچەوانەی پەیوەندییە ئاڵۆزەكانی شار. لەناو پارتیدا نە دژایەتی هەیە و نە جیاوازی. باوكێك هەیە و منداڵەكان فەرموودەكانی پەیرەو دەكەن. هەر كەسێكیش ببێتە ئەندامی ئەو خێزانە دەبێت ئەو باوكەی قەبووڵ بێت و ناوەكەی لەسەر پسوولەی خۆی بنووسێ. پارتی دوورە لە هەموو مەترسییەكی دابەشبوون و هەڵوەشانەوە. لەناو یەكێتیدا باوك بە مانای باوك بوونی نیە. گەیشتنی مام جەلال بە پۆستی سەرۆكایەتی عێراق و دووركەتنەوەی لە ماڵ، ئەوەندەی دیكە وای لە منداڵەكان كرد هەست بە بوونی باوكیان نەكەن. بەتایبەتی باوك بە زمانێكی دیكە قسە دەكات و باس لە ماڵێكی دیكە دەكات، كە كەم و زۆر لەو ماڵەی ئەوان ناچێ. ڕێی تێدەچێ ئەو ماڵە درەنگ یان زوو هەڵبوەشێتەوە، كە ئەمە ئەگەر بە چاوی تەقلیدیی حیزبایەتی سەیری بكرێ، جۆرێكە لە تێكشكان، بەڵام بە لایەكی تردا نیشانەی بوونی جیاوازییەكانە و ڕۆشناییەكە بۆ ئەگەری دەركەوتنی پرۆسەی دیموكراسی، كە ئەم قۆناغەی ئێستا و گۆڕانكارییە جیهانییەكان لەپاڵ دەركەوتنی نەوەیەكی دیكە لە كوردستان سەپاندوویانە.